# بەرەو کۆنفرانسی دامەزراندن

لە پێناوی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنفرانسی دامەزراندنی ڕێکخراوێک لە دژی پاکتاوکردنی ڕەگەزی گەلی کورد، کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤. ٩. ٢٠٠٢ لە ژووری پێشکەوتنخوازان لە پاڵتۆک کۆبوونەوەیەکی کراوەی ساز کرد.

لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووان سەرنج و بۆچوونەکانیان لەسەر زۆر لایەنی هەوڵەکانی پاکتاوکردنی ڕەگەزی گەلی کورد و خۆئامادەکردن بۆ کۆنفرانسی دامەزراندن خستە ڕوو.

پاش گفت و گۆیەکی چەند سەعاتی ئەم خالانەی خوارەوەلە لایەن ئامادەبووانەوە پەسەند کران:

١. کردنەوەی ژوورێکی تایبەت بەم ڕێکخراوە*، بۆ سازدانی کۆنفرانسی دامەزراندن و هەر کارێکی تری ئەم ڕێکخراوە لە ڕۆژی کردنەوەیەوە.

٢. کۆنفرانسی دامەزراندن لە ڕۆژانی ١١ و ١٢ ی مانگی ١٠ ی ساڵی ٢٠٠٢ لە کاتژمێر ٨ ی شەو بە کاتی ناوەڕاستی ئەوروپا (لەژووری تایبەتی ڕێکخراو) ساز دەکرێت.

٣. کۆنفرانس بۆ هەموو دڵسۆزان کراوەیە، بە مەرجێک بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە بەشداری بکەن و لە ڕێگای ناونیشانی ئیمەیلی (کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال) پیشەوە ویستی بەشداریکردن و ناونیشانی تەواوی خۆیان ڕابگەیەنن.

٤. هەڵسووڕاوانی چالاکی کەمپین ئەرکی ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی دامەزراندن دەگرنە ئەستۆ.

---

**کەمپینی هەڵبجە و ئەنفال**

---

* ئەم ژوورە هەر ئێستا ئامادەیە بەم ناوەوە:**Kurdistan*lAnti Cenosaid *Helebce& Enfal**

www.kurdistannet.org